## لەسێ مانگدا ١٠ ملیۆن و لە ٩ مانگی ڕابوردوشدا ٢٦ ملیۆن گەشتیار لە فڕۆکەخانەی (میونخ)ی نێودەوڵەتیەوە سەفەریان کردوە



سایتیaero.deئەڵمانی..لەزاری،سەرچاوەیەکی فەرمی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی میونشن(میونخ)ی ئەڵمانیەوە ڕایگەیاند لەماوەی سێ مانگی ڕابوردودا ژمارەی ئەوانەی لەو فڕۆکەخانەیەوە گەشتیان کردووە گەیشتە (١٠)ملیۆن گەشتیارو بەمەش فڕۆکەخانەکە گەورەترین ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردو بەرێژەی لەسەدا ١٠% بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابوردووی ٢٠٠٩دا گەشتیارزیادیکردوە..ئەم بەرزبوونەوەیە لەسەر ئاستی ڕۆژو هەفتەو مانگ تۆمارکراوە بەشێوەیەک کەدەگاتە (٣،٥)ملیۆن گەشتیار ولە٢٤/سیبتەمبەری ڕابردودا (١٢٨،٦٤٩)هەزارکەس سەفەریان کردوەو لەڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١ دیسان ژمارەی پێوانەیی خۆی تۆمارکردووەو لەو ڕۆژەدا ژمارەی گەشتیاری گەیشتۆتە (١٢٩،٧٠٧)هەزارکەس!!بەم پێیە لەسەدا ٣%ی جموجۆڵو چالاکی ئاسمانی ئەو فڕۆکەخانەیە لەو سێ مانگەدا زیادی کردوە..شایانی باسە لە(٩)مانگی ڕابووردووی ٢٠١٠ دا نزیکەی (٢٦)ملیۆن کەس لەڕێگەی فڕۆکەخانەی میونشنەوە سەفەریان کردوە..واتە لەسەدا ٥% بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩ دا زیادی کردوە..سایتەکە نوسیویەتی و پێی وایە کە ئەو بوژانەوە ئابوریە وایکردوە کە فڕۆکەخانەکەش گەشتەکانی زیاد بکات ڕونیشیکردۆتەوە ئەو بوژاندنەوەیە لە چوارچێوەی کۆی ئەو بوژاندنەوەیەدایە کە بازاڕی ئەوروپی بە (معدل) گەشتەکانی تیا زیادی کردوە ولە دیارترینی ئەو گەشتانەش کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی میونشنی گرتۆتەوە گەشتی نوێی کۆمپانیاکانی:
(Continental,Airlines(Newyork)و(All-nipon,Airways(Tokio))
و(OmanAir(Muscat)و(Singapora Airlines–Singapur) وەک سەرچاوەکە دەڵێ لە٥٠% بەرزبوونەوەی ڕادەی گەشتیار و سەفەر هۆکارەکەی بەگەڕ کەوتنی ئەو خەت و فڕۆکە گەشتیاری و بارهەڵگرانەیە کە نەک تەنیا گەشتیار بەڵکو بەفراوانی گواستنەوەی کەلوپەلیشی گرتۆتەوە و هیچ کاتێک لەفڕۆکەخانەی میونشن ئەوەندی٩مانگی ڕابوردوو کەلوپەل نەگواستراوەتەوە بەرێژەیەک کە گەیشتۆتە (٢٠٠)هەزار تەن کەلوپەل!!..بەرێژەیەک کە ژمارەی پێوانەیی لەو بوارەشدا تۆمارکردوەو بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابوردودا لە سەدا ٢٩ % زیادیکردوە .. ئەمێنێتەوە بڵێین یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم فڕۆکەخانەیە ئەوەیە کەبەردەوام لەهەوڵی گەشەپێدانی گەشتەکانو فراوانبوونیدایەو هەمیشە هاوکاری کۆمپانیاکانە بۆ سەرکەوتن بەسەر کێشەو گرفتەکانیانداو زەمینەی لەباری هاوکاریان بۆ ڕێکدەخات و لەپێش هەموو

شتێکیشەوە پشتی کۆمپانیا ئەڵمانیەکان دەگرێ و کارئاسانیان بۆ دەکات و ڕیکلامی پێشوەختیان بەچڕی بۆ دەکات و بەبەشێک لە ئەرکەکانی خۆیانی دەزانن.. بۆ نمونە مانگێک زیاترە هەواڵ و پلانی ٦ مانگی داهاتووی گەشتە نوێکانی میونشن-سلێمانی ومیونشن هەولێری دابەزاندووە وەک پشتگیریەک لە کۆمپانیای گێرمەنیاو ئەو گەشتانەی کە لە ٢٠١٠/١٢/١ وە هەفتانە لەڕێگەی کۆمپانیای دوکان ئێرەوە ئەنجامی دەدات و دوکان ئێریش بەهاوبەشی لەگەڵ ئەزمڕ ئێردا سەرپەرشتی گەشتەکان دەکەن.